گـۆڤـاری زانـکـۆی ڕاپــەڕیــن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة رابرين

E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
DOI:10.26750/Vol(11).No(3).Paper16

ڕێکەوتی وەرگرتن: ٢٠٢٣/٠١/٠٣
ڕێکەوتی پەسەندکردن: ٢٠٢٣/٠٢/٢١
ڕێکەوتی بلاوکردنەوە: ٢٠٢٤/٠٦/٢٩

# بزاوتی چینایەتی لە کۆمەڵگەی ڕاگوزەردا، هەرێمی کوردستان بەنمونە

# توێژینەوەیەکی تیۆریی - شیکاریی

**خديجه رحمان سعدی[1] - محمد حسين محمد شوانی[2]**

mohshwany@gmail.com - khadija.saadi@su.edu.krd

[1+2]بەشی کۆمەڵناسی، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین ، هەولێر، هەرێمی کوردستان،عێراق

## پوختەی توێژینەوە

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی بزاوتی چینایەتییە، لە کۆمەڵگەی ڕاگوزەردا، کۆمەڵگەی کوردی بە نمونە، هەروەها توێژینەوەیەکی تیۆری و شیکارییە، هەوڵێکی زانستیەیە، بەمەبەستی دۆزینەوەی شێوازو چۆنیەتی بزاوت لە کۆمەڵگەی کوردیدا، هەروەها ئامانجی توێژینەوەکە ڕونکردنەوەی چۆنیەتی بزاوت و جوڵەی چینایەتییە لە کۆمەڵگەی کوردیدا وەکو کۆمەڵگەیەکی ڕاگوزەر، بەتایبەت پاش ڕاپەڕین، هەروەها لەگەڵ ئەو گۆڕانکارییە ئابوری، سیاسی، لە کۆمەڵگەی کوردی لە پێکهاتنی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕویداو، کاریگەری لەسەر دروستبونەوەی پێکهاتی چینایەتی. سەرباری ئەمانەش دوای ساڵی ٢٠٠٣ گۆڕانی ئابوری، لە دەسەڵاتی سیاسی لە عێراق ڕویدا و کاریگەری لەسەر سیستەمی سیاسی و ئابوری هەرێمی کوردستان، جگە لەمەش ئامانجی توێژەر، شیکردنەوەی پێوەر و تایبەتمەندییەکانی چینی کۆمەلایەتییە. لە میانی بەکارهێنانی میتۆدی وەسفی و بەراوردکاری، بۆ شرۆڤەو ڕاڤەکردنی تایبەتمەندییەکانی چینی کۆمەلایەتی و بەراوردکردنیان بە یەکتری و سەرەتاکانی سەرهەڵدانی جیاوازی کۆمەلایەتی لە کۆمەڵگەدا، بە بەکارهێنانی ئامرازی سەرنج و تیبینی و ئەو داتاو زانیاریانەی لە دوای 2003 و لە هەندێک دامودەزگاو دامەزراوەی فەرمیدا بەردەست بون، ئاماژە بە دابەشبونی کۆمەڵگەی کوردی دەکەن بەسەر چەند چینێکی جیاوازدا، ئەم دابەشبونە لەسەر کۆمەڵێک هۆکار دەبێت، وەک؛ شێوازی ژیان، جۆری پیشە، داهات،

خاوەندارێتی، توێژەر لە ڕێگای ئەو هۆکارانە ئاماژە بە ڕیزبەندی چین دەکات لە نێو پەیژو پلەبەندی چینەکانی دیکە.

**کلیلە وشەکان:** بزاوتی چینایەتی، چینە کۆمەڵایەتییەکان، کۆمەڵگەی ڕاگوزەر.

**پێشەکی:**

کۆمەڵناسی چەندین بواری جیاواز لەخۆدەگرێت، یەکێک لەو بوارانە کۆمەڵناسی چینە کۆمەڵایەتییەکانە، بەتایبەت بزاوتی چینایەتی دەبێتە بابەتی بنچینەیی، بزاوتی چینایەتی دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییەو لە هەمو کۆمەڵگەکاندا ڕودەدات، چ بە شێوەی ستونی یان ئاسۆیی بێت، لە دوایی بەدەرکەوتنی موڵکداری و خاوەنداری تایبەت لە کۆمەڵگەی مرۆییدا سەرهەڵداوە، بەپێی قۆناغ و سەردەم چینە کۆمەڵایەتییەکانیش جێگۆڕکێیان کردوە و شوێن و پێگەی خۆیان گۆڕیوە، کۆمەڵگەی کوردیش وەکو هەر کۆمەڵگەیەکی دیکە بەدەرنەبو لەم دیاردەیە، بەپێی کات گۆڕانی بەسەردا هاتوە، لە دوای 2003 هەرێمی کوردستان گۆڕانێکی ئابوری گەورەی بەخۆیەوە بینی، لە ئەنجامی ئەم گۆڕانکاریەشدا، چینە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگەی کوردی گۆڕانیان بەسەرداهات و بزاوتێکی چینایەتی خێرا و بەشێوەیەکی بەرفراوان و هەڕەمەکی ڕویدا، چینە کۆمەڵایەتییەکانیش بەشێوەیەکی ناسروشتی پەرەییانسەند و چینی خاوەن سەرمایەی زۆر بە دەسەڵات دروستبون، لەم گۆڕانکاریەشدا کەرتی بازرگانی و زەویزار و یەکەکانی نیشتەجێبون و دۆسیەی نەوت و غاز، ڕۆڵی کارایان هەبو لە دروستبونی چینی نوێ و بزاوتی ناسروشتی چینایەتیدا.

١-گرفتی توێژینەوەکە کۆچ گواستنەوەیە لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر لە گوندێکەوە بۆ گوندێکیتر لە چوارچێوەی سنوری دەوڵەتێک یان کۆمەڵگەیەک، واتە ناوچەیەک هەیە لەناو سنورەکانی ئەو دەوڵەتدا بۆ ڕاکێشانی دانیشتوان، ئەمەش کۆمەڵێک هۆکاری ئابوری و کۆمەڵایەتی دەبنە پاڵنەر و وا دەکەن کۆچ بکەن، ڕەنگە گرنگترینیان ئەوە ببێت بۆ خۆی دەرفەتی کار بدۆزێتەوە، بۆیە لادێ بە یەکێک لە شوێنەکانی دەرکردنی تاک دادەنرێت ئەوانەی توانا و کارامەی کارکردنیان هەیە، بە هۆی چەقبەستوی سەرچاوەکانییەوە کەرتی کشتوکاڵیش تواناکانی سنوردارە بۆ دەستکەوتنی کار، بۆیە چانسی مانەوەی بۆ ئەوانەی توانای کارکردنیان هەیە کەم کردوەتەوە، وا لە تاکەکانیش دەکات بەرەو شارە سەرەکییەکان کۆچ بکەن و ئامانجیان گەڕان بێت بە دوای کاردا و بۆ بەرزکردنەوە و باشترکردنی ژیان و گۆڕینی شێوازی ژیانیان، هەندێک جاریش بۆ بەدەستهێنانی بڕوانامەی خوێندنی بەرزتر و باشتر کۆچ بۆ شارەکان دەکەن تاک و پێگە و دۆخی ژیانیان گۆڕانی بەسەردابێت (الحكيمى، ٢٠١٤، ١٦٥-١٦٧-١٦٨).

ئەمە لە لایەک لە لایەکی ترەوە ئەو بزاوتنە زۆرجار پەیوەستە بە توانای دارایی خانەوادە و تاکەکەس بۆ کۆچ و گواستنەوە. چونکە کۆچی ناوخۆ یان کۆچی دەرەکی دەرفەت بۆ کەسانی بەرزخواز دەڕخسێنێ تا بە پلیکانەکانی پلەبەندی کۆمەڵایەتی ئەو کۆمەڵگەیە سەربکەون کە کۆچیان بۆ کردوە، بەتایبەتیش کە ئیشی باش و بەردەوامیان لەوێ دەستدەکەوێت. هەروەها کۆچ ڕۆڵێکی گرنگ و دوسەرە لە بزاوتی چینایەتی دەگێڕیت، لەلایەکەوە کۆچبەرەکان هاوکاری هاووڵاتییانی ڕەسەنی ئەو وڵاتانە دەکەن کە لەڕوی کۆمەڵایەتییەوە ببزوێن، لەلایەکی تریشەوە کە خۆیان دەگەڕێنەوە بۆ وڵاتەکانیان بەو پارەیەی کۆیان کردوەتەوە شوێنگەی ئابوری و کۆمەڵایەتییان بەرزدەبێتەوە بۆ شوێنگەیەکی جیاواز لەوەی بەر لە کۆچ (قەرەداخی، ٢٠١٦: ٨٦–٨٧).

٢ –گرنگی توێژینەوەکە هەروەک ڕونە، ئەنجامدانی هەر توێژینەوەیەک، بەپێی ئەو پانتاییەی ئەنجام دەدرێت، گرنگییەکەی دەردەکەوێت، ئەم توێژینەوەش وەک هەر توێژینەوەیەکی تری کۆمەڵایەتی، گرنگیی تیۆری و پراکتیکی هەیە، هەروەها لەڕوی تیۆرییەوە خزمەت بە یەکێک لە کایە گرنگەکانی کۆمەڵناسی دەکات، ئەویش بواری بزاوتی چینایەتی و ڕیزبەندی کۆمەڵایەتییە و چینە کۆمەڵایەتییەکان و کۆمەڵگای ڕاگوزەر لەڕێگەی پێناسە و ڕونکردنەوە و شیکردنەوەی چەمکەکانی ئەم بوارە، هەروەها ئەمەش مشتێک لە خەرمانی مەعریفەی ئەو دو بوارەی کۆمەڵناسی زیاددەکات. وەک هەر توێژینەوەیەکی تر، سود لەو سەرچاوە و پەرتوکانە وەردەگرێت کە لەو بوارەدا نوسراون. لەلایەکی دیکەوە، بۆ یەکەم جارە توێژینەوەیەکی لەو جۆرە لە زانکۆی سەڵاحەددین ئەنجام دەدرێت، ئەمەش دەبێتە هۆی کەڵەکەبونی مەعریفەی تیۆری و هەمو ئەمانە یارمەتیمان دەدەن، لە بواری پراکتیکدا ڕەوشی چینایەتی و ئاستەنگەکانی پەیوەست بەباری چینایەتییەوە لە کۆمەڵگای کوردیدا بناسین و چارەسەر یان کەمکردنەوەی ئەو ئاستەنگانە بکرێت و کە پەیوەندییان بە ڕەوشەکەوە هەیە .

لەڕوی پراکتیکییەوە، ئاماژە بەو داتا و زانیارییانە دەدات کە لە واقیعی کۆمەڵگای لێتوێژراو دەستدەکەوێت و ڕاستی و ڕونبونی ئەو بابەتە دەخەنەڕو کە توێژەر هەڵوێستەی لەسەر کردوە. دیاردەی بزاوتی چینایەتی و چینە کۆمەڵایەتییەکان دیاردەی زەقی کۆمەڵگان، لەهەر کۆمەڵگایەکیشدا دیاردەی بزاوتی چینە کۆمەڵایەتییەکان جێی سەرنج و لێ وردبونەوەی کۆمەڵناسانە، بەردەوام لە هەوڵی ئەوەدان، تیۆریی نوێ بۆ هۆکار و لێکەوتەکان و دابەشبونی چیین بەندی کۆمەڵگا بدۆزنەوە.

**٣ -ئامانجەکانی توێژینەوەکە**

**لەسەر ئەو بنەمایەی کە پرسی سەرەکی توێژینەوەکە ڕونکردنەوەی چۆنیەتی بزاوت و زانینی ئاراستە و جوڵەی چینایەتییە لە کۆمەڵگای کوردیدا وەکو کۆمەڵگایەکی ڕاگوزەر. بۆیە بۆ خستنەڕوی ئامانجەکان لە چوارچێوەی ئەو پرسە گشتیەدا، چەند پرسیارێک دەکەین وەکو:**

**١-تێگەیشتن لە بونیادی چینایەتی و ئایا بزاوت چینایەتی لەو بونیادەدا چۆنە؟**

**٢ -ئەو پێوەرو تایبەتمەندییانە چین کە چینە کۆمەڵایەتییەکان لەیەک جیادەکاتەوە؟**

**٣ -ڕونکردنەوەی هۆکارەکانی بزاوتی چینایەتی لە کۆمەڵگای کوردی.**

**٤-میتۆدی توێژینەوەکە**

هەر گرفتێکی توێژینەوە میتۆدیکی تایبەت بە خۆی هەیە، گرنگە توێژەر شارەزای خەسڵەت و تایبەتمەندی میتۆدەکان بێت، تاکو گونجاوترین میتۆد هەڵبژێریت کە لەگەڵ گرفتی توێژینەوەکەی بگونجێت، میتۆدی توێژینەوەی ئێمەش میتۆدی وەسفی، بەراوردکارییە.

بەشی یەکەم: بزاوتی چینایەتی

باسی یەکەم- بزاوتی چینایەتی لە کۆمەڵناسیدا

ئەمڕۆ کۆمەڵناسان زیاتر خەریکی دروستکردنی پلیکانن بۆ پێگە کۆمەڵایەتییەکان کە کەسەکان لێیەوە سەردەکەون یان دێنە خوارەوە. پێگەی هەر کەسێک لەم پلیکانەی ڕیزبەندییە، لە ڕێگەی چەندین هۆکارەوە دەستنیشان دەکرێت، بزاوت لە نێوان چینەکان لە ئارادایە، ئەم بزاوتنەش پێدەوترێت بزاوتی چینایەتی. بزاوتی چینایەتی لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی تر جیاوازە، لە یەک کۆمەڵگەدا لە یەک کاتیش جیاواز دەبێت، لە هەندێک کۆمەڵگەدا ڕێژەی بزاوت بەرزە لە هەندێک کۆمەڵگەشدا نزمە یاخود سستە، ئەمەش دەکەوێتە سەر بارودۆخی ئابوری و سیاسی و کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەکان. بزاوتی چینایەتی چەمکێکە شرۆڤە و ڕاڤەی دیاردەیەک لە کۆمەڵگە دەکات، لەبەرئەوەی کۆمەڵگە بەردەوام لە گۆڕان جوڵەی بەردەوامدایە و خۆی نوێ دەکاتەوە، شتگەلی نوێ بەرهەم دەهێنێت و کۆنەکان نوێ دەکاتەو، هەروەها بزاوتی چینایەتی ئاماژەیە بۆ بزاوتی کەسەکان یان گروپەکان لە قوچەی پلەبەندی چینایەتیدا، بۆ سەرەوە یان خوارەوەی پێگەی کۆمەڵایەتی جوڵە دەکات (سید أحمد و أخرون، ١٩٩٦: ٣٥٥).

لەگەڵ ئەوەشدا پێگەی کۆمەڵایەتی بەشێوەیەک لە شێوەکان بەرجەستەبونی چینی کۆمەڵایەتییە، لەسەر دۆخی ئابوری کۆمەڵگە دروست دەبێت، ئەو سەرمایە ڕەنگە زۆربەی کات پێگەی باڵا بە چینەکان بدات. «ڤیبەر» ئاماژەی بۆ جیاوازی پێگە و توێژە کۆمەڵایەتییەکان داوە، پلەی ئەو توێژانەی بەپێی پێوەرێک ناو ناوە ئەویش ڕیزبەندی کۆمەڵایەتییە، زۆر کەس ڕەنگە لەو دۆخەدا چیژ لە پێگەی پلەی باڵا لەناو کۆمەڵگەدا وەربگرن، دوای دەرکەوتنی پارە و سامان یان ونبونی گروپەکانی تر چیژیان لەو پایە بەرز وەرگرتوە، بەهۆی زانین دەربارەی پیشە و کولتوری ئەو چینە. بەشێوەیەکی گشتی لە کۆمەڵگەی مۆدیرینیتی چینی باڵا نازو نیعمەتی پێ بەخشراوە، بێ بەزەین بەرانبەر بە سامانەکەیان، گەورەیی و شکۆمەندی کەسەکان ئاماژەیە بە شێوازی ژیانی کەسەکان وەک ئۆتۆمبێل، جلوبەرگ، خانووبەر، ناوماڵ... هتد ئەمانە ئاماژەن بۆ گۆڕانی باری چینایەتی لێردا؛ ڤیبەر دەیەوێت ئەومان پێبڵێت کەوا زۆر کەس دوای لە دەستدانی ماڵ و سامانیان، بەڵام پێگە و شکۆمەندیان لەناو کۆمەڵگەدا هەردەمینێت (غدنز، ٢٠٠٥: ٣٦٦-٣٦٨).

هەرچەندە توانای ئابوری باش پێگەی باڵا دروست دەکات، هەروەها بە لەدەست دانی توانا ئابورییەکەشی ڕاستەوخۆ پێگەی کۆمەڵایەتی لەدەستنادەن، ئەمە لەلایەک، لەلایەکیتر هەر ئەم چینە لەلایەنی دەسەڵاتدارانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە پرۆسە و بەشداری سیاسی بەکاردەهێنرێت و گرنگیان پێدەدرێت بە هۆی هەبونی ئەو پێگە کۆمەڵایەتییە کە لەناو خەڵکدا هەیانە، ڕەنگە وەکو جاران ئەو پێگە بەهێزەیان نەمابێت، بەڵام بەهاکانیان هەر ماوە. بزاوتی چینایەتی لە کۆمەڵگەدا ڕودەدات وەک داهێنان، گەشەی شارەکان، شەڕ، قەیرانی ئابوری، بەدیهاتنی کاری نوێ، لەناوچونی کاری کۆن، گۆڕانکاری لە کۆمەڵگەدا ڕودەدات، چین و پێگەکانی کۆمەڵگە سەرە و ژێردەبن (ئامێدیان، ٢٠١٣: ٨٦-٨٧).

واتە ئەو وێنەیەی تێیدا بزاوتی تاکە کەس یان گروپ دەبینین. کەسێک لە چینێکی کۆمەڵایەتی دیاریکراوەوە کە تێیدا لەدایکبوە و لە ژینگە و کایەی ئەو چینەدا گەورە بو و پێگەییوە، جوڵە دەکات بۆ چینێکیتر یان بەرەو ئاراستەی بەرزتر یان خوارەوەی لەوەی پێشوی. بە هۆی ئەم بزاوتنەش ئەگەر بەرەو چینێکی بەرزتر لە چینەکەی خۆی هەڵکشا، ئەوا هەمو ئەو دەستکەوت و ڕۆڵ و پێگەیە دەستدەکەوێت کە چینەکەی سەروتر پێی دەبەخشی، یان هەمو ئەو ڕۆڵ و پێگانەی لەدەستدەچیت ئەگەر بەرەو چینێکی نزمتر لە چینەکەی خۆی ڕۆبچێت. هەروەها ڕۆڵ و پێگەی کۆمەڵایەتی و ئابوری و سیاسی لە کۆمەڵگەدا ڕۆڵ و کاریگەرییان هەیە جا ئەگەر بە شێوازی ئەرینی یا خود نەرێنی بێت، جا کۆمەڵگە بەپێی ئەو ڕۆڵ و پێگەیە کەوا کەسەکان هەیانە کۆمەڵگە چاوەڕوانیان لێ دەکات، و ئەوانەی لە چینی سەرون یاخود خاوەن کارگەکان کرێکار چاوەڕێ ئەوە لە خاوەن کارەکەی دەکات کەوا موچەکەی زیادبکات و کاتی کارکردنی کەمبکاتەوە بەهۆی ئەو ڕۆڵ و پێگەی کەوا هەیانە، هەرچەند کۆمەڵگە پێشبکەوێت و ئەرک و وەزیفە جۆراوجۆرەکان زیاتر

دابەشدەکرێن، ئەوا توخمەکانی ئەو کۆمەڵگەیە پتەوتر بەیەکەوە گرێ دەدرێن و پسپۆڕیش زیاتر دەبن (قەرەداخی، ٢٠١٦: ٥٥).

لە فەرهەنگی «گۆردن مارشال» دەربارەی (بزاوتی چینایەتی) واپێناسە کراوە: بریتییە لە جوڵەی تاکەکان، هەندێک جاریش گروپ (کۆمەڵە) کانە – ئەم بزاوتە لە پێگە جۆراوجۆرەکانە، بەرەو سەرەوە یان خوارەوە، لە چوارچێوەی سیستەمی کۆمەڵایەتی هەر کۆمەڵگەیەکدا. دەشبێت جیاوازی بکەین لە نێوان بزاوت بەرەو سەرو (واتە پەڕینەوە بۆ پلەیەکی باڵاتر یان خوارتر لە پلەبەندی جیاکاریدا و، جیاوازی دیکەش لە نێوان بزاوتی نەوەکاندا و بزاوتی نەوەیی (لەناو هەمان نەوەدا) بکەین، یان بزاوتی پیشەیی (چەمکی یەکەم ئاماژەیە بۆ بزاوتێکی پەرینەوەیی لە دۆخی بنچینەی خێزانییەوە بۆ پێگەیەکی چینایەتی یان پێگەیەکی تایبەت بە تاک خۆی، جیاوازی دیکەش هەن، گرنگترینیان جیاوازی بزاوتی بونیادی و نابونیادیە کە بەو دەناسرێت بەوە بەردەوامی زیاتری هەیە (مارشال، ٢٠٠٠: ٦٢٠(

سەرباری ئەوەش ئەو جوڵە چینایەتییە پرۆسەیەکە کەوا تاکەکان یان خێزانەکان یان گروپەکان بەپێی پەیژەیەکی کۆمەڵایەتی و ئابوری و سیاسی ڕیزکراون هەندێکیان لە پلەبەندی بەرزەکانن هەندێکی تریان لە پلەبەندی نزمن، «ستاڤنهاڤن» پێیوایە: بزاوتی چینایەتی و پلە بەندکردنیان پەیوەستە بە کۆمەڵێک پێوەر، وەک پەروەردە، سامان، سەرچاوەی داهات، ئەو چوارچێوە جوگرافییەی کەوا تاک تێدا نیشتەجێیە، ئەمانە کۆمەڵێک پێوەری چەندایەتی و چۆنایەتیین، جیاوازی تیۆری و سیستماتیکی هەیە لە مامەڵەکردنی چینە کۆمەڵایەتییەکان، ئەگەر چینە کۆمەڵایەتییەکان ڕۆڵیان هەبێت لە گەشەپێدانی کۆمەڵگە مێژوی چینە کۆمەڵایەتییەکان لە قۆناغێکی مێژوییەوە بۆ قۆناغێکی تر دەگۆڕێن (سالم، ٢٠١٦: ٧٤).

کەواتە بزاوتی چینایەتی جوڵەکردنی تاکە یان گروپێک یان چینێکی کۆمەڵایەتییە ئەو جوڵەیە پەرۆشی گۆڕینی پێگەی تاکە یان گروپە، لەلایەکی تریشەوە هەندێک لە کۆمەڵناسان ئەم جوڵەیە پەیوەست دەکەن بە کوالیتی کۆمەڵگە و پلەی قبوڵکردن و ڕەخساندنی دەرفەتەکان بۆ ئەندامانی کۆمەڵگا، تاکو ئەم پرۆسەش ڕێگا بە جوڵەی تاکەکان بدات لە نێوان چینوتوێژە جیاوازەکاندا. بۆ نمونە کاتێک تاکێک پیشەکەی لە پیشەی پزیشکییەوە بۆ پیشەی ئەندازیاری دەگۆڕێت یان لە پەرستارییەوە بۆ پزیشکی، دەشێت ئەم بزاوتنە جوڵانەوەیەک بێت لە نێوان گروپەکان گۆڕان لە ئاستی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، جیاوازی چینایەتی واتە ئەو جوڵە کۆمەڵایەتییە ڕەنگدانەوەی پرۆسەیەی کۆمەڵایەتییە کە تاک یان گروپ لە دۆخێکەوە بۆ دۆخێکی تر جوڵە دەکات (الشوانی، ٢٠١٩: ٦).

هەر کاتێک گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگەدا پتربێت، ڕادەی بزاوتی چینایەتی زیاتر دەبێت، شۆڕشی پیشەسازی لە سەرەتادا بو هۆی جێگۆڕکێیەکی بەرفراوانی مرۆڤەکان، چەندین پێگەی لە باریشی بۆ جێگرەوەی کارەکانی هێنایەئاراوە. لەگەڵ بەرفراوانبونی سنورەکانی کۆمەڵگە بەو جۆرەی کە لە (وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکادا) بەرچاودەکەوێت، چەند بوارێکی نوێ هاتنە ئاراوە بۆ کار دواجاریش بزاوتی چینایەتی. لەلایەکی ترەوە قەیرانی ئابوری و پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیش دەبنە هۆی ئەوەی ملیۆنان کەس بێکاربن و لە ئەنجامدا بزاوتی چینایەتی نەرێنی بەرزدەبێتەوە، تاک و گروپەکان لەناو چینی ناوەندەوە دێنەوە ناو چینی خوارەو، لەگەڵ گۆڕان لە دابەشبونی کار و پێکهاتەی کاردا بزاوتی چینایەتی ئەرینی بەرزدەبێتەوە، بەشێوەیەکی گشتی چەند کارەکان زیاتر دابەشبکرێن، بواری بزاوتی هەڵکشان زیاتر دەبێت، بە پێچەوانەشەوە کەمی چالاکی ئابوری دەبێتە هۆی دابەزینی بزاوتی چینایەتی (موحسینی، ٢٠٠٦: ٢٥٤).

پێناسەی ڕێککاری توێژەر لەم توێژینەوەیدا بریتییە لەم بزاوت و جوڵەیە کەوا تاکەکان یان (کۆمەڵە)کان لە دوای ساڵی 2003دا بزاوتیان کردوە، بەرەو سەروە یان پێچەوانە ئەو جوڵەیان کردوە.

لە دیاریکردنی ئاستی بزاوتی چینایەتی لە کۆمەڵگەیەکی دیاریکراودا هەیە، کۆمەڵێک هۆکاری بەربڵاو هەن لە دیاریکردنی ئاستی بزاوتی چینایەتی لە کۆمەڵگەیەکی دیاریکراودا لەوانە. خوێندەواری، ڕەگەز، ڕەچەڵەک و پیشەی باوک، حیزب یان دەسەڵات، پیشە، ئابوری، ئەمانە هۆکارگەلێکن بۆ پەیدابونی بزاوتی چینایەتی.

باسی دوەم: -جۆرەکانی بزاوتی چینایەتی

بە بۆچونی سۆرخین دو جۆری بزاوتی چینایەتی هەیە، بزاوتی ستونی بزاوتی ئاسۆیی:

١-بزاوتی ستونی:

پێیوایە جوڵەی تاکێک لە چینێکی نزمەوە بۆ چینێکی بەرزتر یانیش جوڵەی تاکە لە گروپی بەرزە و بۆ نزم، و پێیوایە گرنگتری ن ئەو دەزگایانەی کەوا جوڵەی تێدا ڕودەدات بریتین لە مانە سوپا کەنیسە قوتابخانە خێزان ڕێکخراوە سیاسی و ئابوری و پیشەییەکان .(Das, 2013: 231)

هەروەها گۆڕانی پێگەی تاکە لە چینێکی کۆمەڵایەتییەوە بۆ چینێکی کۆمەڵایەتیی دیکە. تاک لە بزاوتی ستونی یان پەیژەی کۆمەڵایەتیدا بەرەو بەرزبونەوە دەڕوات و پێگە کۆمەڵایەتییەکەی بەرز دەبێتەوە یان بەرەو خوار دەڕوات و پێگەی دادەبەزێت (کۆهێن، ٢٠١٤: ٣٥٨) .

هەر لەم بارەشەوە«ڕوبرت مێرتۆن» پێیوایە: بزاوتی ستونی ئەگەر بەرەو سەرو ڕوبدات پێویستی بە پلەی شارەزایی و لێهاتویی و تەکنیکی و کارامەیی هەیە، چونکە کۆمەڵگەکان بەرەو پێشکەوتن و شارستانی و

تەكنەلۆژیا دەگۆڕێیت، ئەم گۆڕانكارییانەش پاڵ بە زۆرێک لە تاكەكانەوە دەنێن بۆ ڕاهێنان و شایستە و كارە نوێیەكان، كۆمەڵگە پێویستیپێیەتی بەمە گۆڕانكاری بەرەو پلەی بەرز ڕودەدات. هەروەها لەلایەكیتریش دەڵێت: خاوەن پۆستە پیشەییەكان و پلەباڵاكان ناتوانن تا كاتێكی دیاریكراو پێگەكانیان بپارێزن بە هۆی چونە تەمەنەوە ئەو كێبڕكێیە كە لەلایەن كەسانی پیشەیی دیكەوە ڕوبەڕویان دەبێتەوە (الحكيمی، ٢٠١٧: ١٤٥).

بۆ نمونە كاتێک فەرمانبەرێک بۆ پلەی ئەندام پەرلەمانی بەرزدەبێتەوە، بەرەو بەرزبونەوە چوە. هەروەها لەگەڵ ئەم پلە بەرزبونەوەیە پێگەكەی و داهاتەكەشی بەرزدەبێتەوە. یان كاتێک بەڕێوەبەری فەرمانگەیەک كارەكەی بۆ شارەكەیتر ڕادەگوازێت، پلەكەی بۆ فەرمانبەر دادەبەزێت، لە پلەی فەرمانبەری درێژە بە كارەكەی دەدات ئەوا ڕو لە دابەزینە.

٢ -بزاوتی ئاسۆیی:

بریتییە لە جوڵەی تاكێک كە لە هەمان پێگە و پیشەدایە، بەڵام جوڵەكە لە ناوچەیەكە لە ناوچەیەكیترە و بۆ ناوچەیەكیترە یان لە هەمان دامەزراوەی كاركردنە، واتە جوڵەكە نەبوەتە هۆی گۆڕانی پیشە و پێگەكەی لە هەمان چینی خۆی ماوەتەوە، كاریگەری نەبو لەسەر زیادبونی داهات (كۆهين، ٢٠١٤: ٣٥٨-٣٥٩) .

بۆ نمونە: بزاوتی ئاسۆیی ئەمانە دەگرێتەوە مامۆستا بۆ پرۆفیسۆری یاریدەدەر یان پرۆفیسۆر كەمێک لە موچەكەی یان پێگەكەی زیاتر دەبێ هەرچەندە لە هەمان چیندایە .

٣-بزاوتی نێوان نەوەكان:

جۆرێكە لە بزاوتی چینایەتی نەوە دوای نەوە ڕودەدات، پێی دەوترێت جوڵەی پیشەیی، ئەمەش ئاماژەیە بۆ گۆڕانكارییەک لە پێگەی كۆمەڵایەتی تاكێكدا، بەتایبەت لە هێزی كاردا .(Zgaourides,2000: 93)

بۆ نمونە كچی كرێكارێک دەچێتە زانكۆ دەبێتە پارێزەرێكی سەركەوتو، بزاوت لە نێوان نەوەكان ڕودەدات. لە وانەش ئەم جۆری بزاوتنە ڕوە و داكشان بێت واتە هاتنە خوارەوە، بۆ نمونە ئەگەر كوڕی دكتۆرێک ببێتە شۆفێری تاكسی ئەمە داكشانە واتە ڕوە خوارەوەی.

**٤ -بزاوتی نیوەوەچەیی:**

بریتییە لە گۆڕان یان گۆڕانکارییەکە کە لە پێگەی کۆمەڵایەتی تاکێک یان گروپێک هەمان نەوە ڕودەدات. ئەم جوڵەیەش بە زۆری لە ماوەی ژیانی و کارکردنی بە دەردەکەوێت و کاتێک تاک پێوانی خۆی دەکات لە نێوان یەکەم کاری و لەگەڵ ئەو کارەی کە دواتر دەستی دەکەوێت (ڕبانی وانصاری، ١٣٨٥: ٧٣) .

بۆ نمونە خێزانێکی مام ناوەندی پێنج منداڵیان هەیە ، چواریان دوای تەواوکردنی قوتابخانە ڕو لە بازاڕ دەکەن و بە کارێکی مام ناوەندییەوە خەریک دەبن و منداڵی پێنجەمیان بە کاری (پارت تایم)، کاتەکانی خۆی دابەشدەکات بۆ پەیداکردنی پارە، هەروەها دەچێتە زانکۆش لە خوێندنی باڵا بەردەوام دەبێت و پێش ئەوەی بێکار ببێت و خوێندنیشی تەواوکردبێت، هەلی زێڕین وەدەستدێنی و کارێک تا ئاستێکی باش و تا لە کۆمپانیایەکی گەورە دەبێتە بەڕێوەبەرێکی کارامە و لێهاتوە، لە کاتێکدا ئەم کەسە بە پەیژەی بەرزبونەوە دەڕوات و پێگەی شایانی خۆی وەدەست دێنی، چوار براکەی تریشی لە هەمان ئاستی کۆمەڵایەتی و ئابوری دەمێننەوە .

**باسی سێیەم-بنەماکانی چینایەتی**

**چینە کۆمەڵایەتییەکان**

بریتییە لە کۆمەڵە و پێکهاتەی ئابوری، بە جۆرێک ناچنە ژێر باری ئەوەی یاسا یان ئایین دیارییبکات، بەو واتایەی هەر تاکێک دەتوانێت لە چینی خوارەوە بچێتە چینی سەرەوە هەروەها بە تێپەڕبونی کات و گۆڕانی بارودۆخ، ئەم سیستەمە چینایەتی پێکدێت لە چینە بەرزەکان (خاوەن موڵک) و چینی خوارەوە (کرێچی و کرێگرتەکان)، هەروەها چینی ناوەڕاست لە بۆشایی نێوان ئەم دو چینەی سەرەوەدایە و زیاتر فەرمانبەران و خاوەن پیشە ئازادەکان دەگرێتەوە (مسعود، ٢٠ ١١: ٩٥-٩٦) .

چەند هۆکارێک هەن ڕۆڵیان هەیە لە دروستبونی بزاوتی چینایەتی و بەپێی کۆمەڵگەکان دەگۆڕێت، ئەمانەی خوارەوە چەند هۆکارێکن .

١-دابەشبونی کار

»ئادەم سمس» یەکەمین کەس بو هەوڵی دانانی تیۆرییەکی داوە سەبارەت هەلی کار، ئەو سەرەتا ئەم چەمکی پەیڕەوکردوە، دواتر زانستی کۆمەڵایەتی و دواتریش خواستی زیندەوەرزانی لەسەری بو. بەگوێرەی تیۆرییە زۆر باو و بڵاوەکان، ڕەگ و ڕیشەکەی لە خواستە بەردەوامەکانی مرۆڤەوە بۆ خۆشبەختی سەرچاوە دەگرێت. لە ڕاستیدا ئەوە زانراوە کە چەند پسپۆڕیەتی لە کاردا زیادبکات، دەستکەوتیش

زیاددەکات. مرۆڤ چەند هەوڵدانی زیاتر و دەستکەوتنی زیاتری هەبێت، دابەشکردنی کار بە شێوەیەکی تایبەتی لە ژێر کاریگەری هۆکاری تاکەکەسی و سایکۆلۆژییەکاندا پێش دەکەوێت، ئەو پێویستییە بۆ خۆشبەختی پاڵ بە تاکە کەسەوە دەنێت بۆ ئەوەی زیاتر و زیاتر پسپۆڕی وەربگرێت، وا دەردەکەوێت مرۆڤ چەند مولکومالی زیاتری هەبێت خۆشبەختردەبێت دەرئەنجامیش بەشێوەیەکی سروشتییانە بۆ بە دواگەڕانیان هان دەدرێت (دۆرکهایم، ٢٠٢٠: ٢٩٣-٢٩٤) .

سروشتی ژیانی کۆمەڵایەتی و پێویستیی مرۆڤ بۆ دابەشکردنی کار، بە چاوپۆشین لە بەرەوپێشچونی ئابوری لە کۆمەڵگادا، وەک هۆیەک لە کۆمەڵگا جۆراوجۆرەکان دادەنرێت و وایکردوە چین تێیدا سەرهەڵبدات. لە کۆمەڵگا سەرەتاییەکاندا دابەشبوە بۆ دەستە و پلەبەندی کۆمەڵایەتی چەندی و تایبەتمەندییەکانی بەپێی سروشتی کۆمەڵگاکە و سروشتی دابەشبونی کار تێیدا. لە هەندێک لە کۆمەڵگاکان دابەشبونی لە خۆوەیی کار خەسڵەتێکی فەرمی وەرگرتوە، یاسا بوەتە پاڵپشتی، لە سەردەمانی پێشوی مێژودا، بە ڕادەیەک لە هەمو شوێنێکدا دابەشکاریی کۆی کۆمەڵگە بەشێوەگەلی جیاواز، بە ئاستگەلی جۆر بوە، گەلێک پێگەی کۆمەڵایەتی دەبینین: لە ڕۆمای کۆندا، پاتریسینەکان، سوارچاکەکان، پەلبیەنەکان و کۆیلەکان بونیان هەبوە، لە سەدەکانی ناوەڕاستدا، لۆردە فیودالەکان، خاوەن مەزراکان، وەستاکان و ڕەعیەتەکان هەبون، تەنانەت لەناو ئەم چینانەش پلەبەندی هەبوە، بەم شێوەیە دەبینین دابەشبونی کار، بە دەستوەردانی دەوڵەت و دانانی یاساکان دەبێتە پێکهاتن و دروستبونی چینەکان یانیش دەستەکان (مارکس و ئەنگلس، ٢٠١٦: ١٦).

**٢ -پەروەردە و ڕۆشنبیری**:

جۆری خوێندن و خوێندنی باڵا بە هۆی پەیوەندی نزیکەوە لەگەڵ بازاڕی کاردا میکانیزمێکی گرنگە بۆ پێشکەوتنی ئابوری و کۆمەڵایەتی، بەم شێوەیە بەشدارە لە کەمکردنەوەی هەژاری و زیادکردنی قەبارەی چینی ناوەند و هەڵکشان بۆ چینی سەروتر، ڕێژەی بڕوانامەی خوێندنی باڵا زیاتر ئەو کەسانە دەگرێتەوە کەوا لە چینی سەرمایەدار و دەوڵەمەند و ناوەنددان، ئەمەش بەهۆی بڕوانامە توانیویانە پیشەکەیان بگۆڕن و داهاتی زیاتریان دەستبکەوێت بزاوت بکەن، کە لە سەرەتادا لە چینەکانی خوارەوەی کۆمەڵگە بون، بەڵام بەهۆی بڕوانامە بزاوتیان کردوە لە چێکەوە بۆ چێنکیتر (الطبقه الوسطی فی البلدان العربیه، الامم المتحددة، ٢٠١٤: ٤٧).

لە چوارچێوەی ئەوەی خستمانە ڕو دەتوانین بڵێین پەروەرد و ڕۆشنبیری ڕۆڵی گەورەیان هەیە لە ناو چینە بەرزەکانی کۆمەڵگەدا لەم بارییەوە « کارنو» دەڵێت: نەبونی یەکسانی سەرمایە گرنگی کەمترە لە نەبونی سەرمایە لە پەروەردەدا هەر لەم چوارچێوەیەدا دەڵێت: ئەو سەرمایەدارەی نەخوێندەوارە و ناتوانێت

دەربڕینەکانی بە شێوازێکی زانستیانە دەربببڕێت هەست بە دڵنیایی ناکات ئەمەش وا دەکات بەردەوام لە جۆرێک لە دڵەڕاوکێدا بژی، پەروەردە و ڕۆشنبیری بۆ تاکەکان سەرمایییەکی مەعنەوی دروستدەکەن زۆر کات بایەخەکەی کەمتر نییە لە سەرمایەی مادی (جوسان، ٢٠١١: ٢٤).

٣-سامان و داهات:

»توماس فوکس واس»، «ام میللر» پێیان وایە هۆکاری ئابوری ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕن لە بزاوتی چینایەتی و دروستبونی چینایەتی، بەڵام لە هەمان کاتدا پێیان وایە ناکرێت بە تاکە هۆکار دابنرێت بۆ بزاوتی چینایەتی، بەڵکو لەپاڵ ئەمەشدا چەندین هۆکاری تر هەن بۆ پەیدابون و زەمینەسازی چینایەتی (تأمین، ١٣٨٥: ١٥٦).

بۆ نمونە ئابوری بە واتای دابەشکردنی سامان و داهات دێت، ئەم فاکتەرەش لە سەردەمی کۆن و سپارتاشدا باوبوە، بۆیە کاریگەری دەستوری یاسا دانەری یۆنانی سۆلۆندا دەرکەوت، لەسەدەکانی ناوەڕاستدا فیودالیزم و پاشان لە ناو هەندێک کۆمەڵگەی مۆدێرندا بەهێزبو، زۆرترین چڕبونەوە لە کۆمەڵگە پیشەسازیی و مۆدێرنەکان زیاتر دەرکەوت. بزاوتی چینایەتی زیاتر لە کاتی قەیرانی ئابوری بەدیدەکرێت وەک قەیرانی سالانەی 1900 و 1926 و 1936 بە هۆی خراپی دۆخی ئابوری و پوچبونی زۆرێک لە خاوەن کارەکان و گۆڕان بۆ چینی کرێکار بە پێچەوانەشەوە، بەشێک لە کرێکاران لە ڕێگەی ئارامی و خۆڕاگری و کاری بەردەوام گۆڕان لە چینی کرێکار بۆ چینی بازرگان، هەروەها کۆمەڵناسە ئەمریکییەکان پێیانوایە چینی ناوەند بەرهەمی کۆمەڵگە پیشەسازییەکانە، دابەشبونی کار و پسپۆڕیەتی و شارەزای و لێهاتوی پەیوەندی هەیە بە ئامێر و ئامرازەکانی بەرهەمهێنانەوە (سەید أحمد، ٢٠٠٣: ٣١٣).

هەروەها پێیانوایە مرۆڤیش لە سەرەتاوە بە نیشانە و تایبتمەندیەکانی بورژوازی لەدایکنەبوە، وەک بەڕێوەبەر، پارێزەر، دادوەر، کرێکاری پیشەسازی، بەڵکو هەندێک پاڵنەر هەن بزاوتیان پێدەکەن و پێگە و داهاتیان گۆڕانیان بەسەر دێت و لە چینێکی دەچن بۆ چینێکی تر (هالبواکس، ١٣٦٩: ٢١١).

٤-ئایدلۆژیای سیاسی و شۆڕش:

شۆڕشەکان بە فاکتەرێکی چالاک بۆ دروستبونی بزاوتی چینایەتی دادەنرێن، چونکە بەکۆتاهاتنی سیستەمی کۆن سیستەمێکی تری سیاسی شوێنی سیستەمە کۆنەکە دەگرێتەوە، کەسانێک دێن دەبنە باڵا دەست کە لە پلەی دوەم و یان سێهەمدابون و بەسەر دەکەون بۆ سەرەوە بەم شێوەیە دەبنە سەرکردە، هەروەک چۆن شۆڕش و ڕاپەڕین و بزوتنەوە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان هەمو ئەمانە جوڵەیان دروستکردوە، بزاوتیان خێراتر کردوە، سۆرخین "پێوایە دۆخی سیاسی و گۆڕانکارییە سیاسییەکان بەتایبەتی لە قۆناغی هەڵچونی

کۆمەڵایەتی و شەڕ و بزوتنەوە کۆمەڵایەتی و چاکسازییەکان ڕۆڵیان هەیە لە بزاوتی چینایەتی و پێگە و میرات لە کۆمەڵگەکانی کۆماریخواز دەرنەدەکەوت، پێش جەنگی جیهانی لە باوکەوە تا کوڕ پێگەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوری داگیرکردبو، دوای جەنگەکانی جیهانی ئەو زەمینە سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی گۆڕانیانی بەسەرداهات، چینێکی سیاسی نوێ دەرکەوتن و دەرئەنجامی ئەو گۆڕانکارییانە بو، جگەلەوەش ئەو جوڵەیە کەوا تاک لە ڕێگەی چالاکییەوە لەناو پارتە سیاسییەکاندا ئەنجامی دەدات (سەید أحمد، مصدرالسابق: ٣١١-٣١٥).

هەندێک لە کۆمەڵگا کۆنەکانی یۆنانی و ڕۆمانی و ئەوروپی لە سەدەکانی ناوەڕاست، لە هیندستانیش چینی سەربازی؛ کە خانەدانەکان دروستییان کردبو، منداڵانی خێزانی ناوداری لە ئەسینا، ئەشرافەکان لە ڕۆما، دەرەبەگەکان لە چاخەکانی ناوەڕاست. چینی سەربازی خۆی بەرپرسیارێتی چەکدارکردنی خۆیان، واتە پێداویستی سەربازی خۆیان دابیندەکرد و دەیانگرتە ئەستۆ، چونکە دەوڵەت بەرپرسیارێتی چەکدارکردنی هەڵنەدەگرت، بۆیە جگە لە دەوڵەمەندەکان و ئەوانەی کە وڵاخ و چەکیان نەبو نەیاندەتوانی لە هێزی سوارەدا بەشداربن. ئەم چیین بەندی کۆمەڵایەتییە بۆ مەبەستی سەربازی هاتبونەبون، ئەرکە سەربازییەکان لەسەر بنەمای هێز و پلەی دەوڵەمەندی چینەکە، بەپێی ئەو پرەنسیپەی ئەو کات باوبو کە هاووڵاتیی بەپێی هێز و توانای لەبەرگری شارەکەی خۆی و، ئاستی دەوڵەمەندییان دادەنران، ئەندامانی چینی هەژار لە خزمەتی سەربازی دەبەخشران (الحسن، ١٩٨٣: ٢٧).

بۆ نمونە: لە هەرێمی کوردستان لە دوای ساڵی 2003 گۆڕانی زەمینەی سیاسی و ئابوری ئایدیۆلۆژیای حیزبەکان ڕۆڵیان هەبوە لە دروستکردنی ئەو بزاوتنە چینایەتییە، وەک کوڕە هەژارێک یان کچە جوتیار یان مامۆستایەک و یان پارێزەرێک لە ڕێگای چالاکییە حیزبییەکانی لەناو حیزبەکەیدا پلە و پێگەی بەرزی بەدەستهێناو، بوە بە ئەندام پەرلەمان یان ڕاوێژکار یان بەڕێوەبەری گشتی یا فەرماندەی سەربازی کە خاوەنی هێزی چەکداری خۆیەتی، جا هەندێک هەر لەناو ئەواندا بونە سەرمایەداری بازرگان بەمە و گۆڕان بەسەر پێگەی چینایەتی و داهاتەکەی و شێوازی ژیانیدا هات.

هەروەها لە کۆمەڵگەی عەرەبییەکانیشدا بەهاری عەرەبی ڕویدا گۆڕانکاری گەورەیان دروست کرد چینێک و خەڵکانێک بەرەو سەرە و خوارە و جوڵەیان کرد، بەڵام ئەگەر لە دیدی مارکسەوە تەماشای کۆمۆنیزم بکەین لە جیهانی عەرەبیدا لە ژێر ناوی جۆراوجۆرەکان پراکتیزە کراوە، لە نێوان دو هێڵی سەرەکیدا بە دەرکەوت، بورژوازی کۆنەپەرستانە لە شیوەی هێڵی ناسیۆنالیستدا و ئەو شۆڕشگێڕانەی کە لە چینی کرێکار لە پراکتیکی خەباتی چینایەتی و چاکسازی دەرکەوتن، ئەم بزوتنەوە نەتەوەیی و چاکسازییانە هەڵکشان بۆ

ناو ئایدیۆلۆژیای بورژوازی، هەروەها ئەو ئۆپۆزیسیۆنە دەستکردانەی کە دروستبون لەناو ئایدولۆژیی بورژوازی جێگیربون، پرسی نەتەوەیی و چاکسازی و ڕوبەڕوبونەوەی گەندەڵی لە بۆشایی خەباتی چینایەتی دەرکەوتن، لێرەدا چینی کرێکاران لە داهاتوی ئەو کۆمەڵگەیە نە ڕۆڵێکی لاوکیان پێدا، لە گۆڕپانی خەباتی نەتەوەیی کە ڕیزی پێشەوەیان پێدرابو دورخرانەوە، بەڵکو کەسانێکی تر و گروپی تر لە ژێر چەتری خەباتی نەتەوەیی چونە ناو ئایدیۆلۆژیای بورژوازی و گۆڕانکاری بەسەر پێگەی چینەتیاندا هات (عامل، ١٩٩٠: ٨-١٣).

٥ -کۆچی ناوخۆیی:

کۆچ گواستنەوەیە لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر لە گوندێکەوە بۆ گوندێکی تر لە چوارچێوەی سنوری دەوڵەتێک یان کۆمەڵگەیەک، واتە ناوچەیەک هەیە لە ناو سنورەکانی ئەو دەوڵەتدا بۆ ڕاکێشانی دانیشتوان، ئەمەش کۆمەڵێک هۆکاری ئابوری و کۆمەڵایەتی دەبنە پاڵنەر و وادەکەن کۆچ بکەن، ڕەنگە گرنگترینیان ئەوەبێت بۆ خۆی دەرفەتی کار بدۆزێتەوە، بۆیە لادێ بە یەکێک لە شوێنەکانی دەرکردنی تاک دادەنرێت ئەوانەی توانا و کارامەی کارکردنیان هەیە، بە هۆی چەقبەستوی سەرچاوەکانییەوە کەرتی کشتوکاڵیش تواناکانی سنوردارە بۆ دەستکەوتنی کار، بۆیە چانسی مانەوەی بۆ ئەوانەی توانای کارکردنیان هەیە کەم کردوەتەوە، وا لە تاکەکانیش دەکات بەرەو شارە سەرەکییەکان کۆچ بکەن و ئامانجیان گەڕان بێت بە دوای کاردا و بۆ بەرزکردنەوە و باشترکردنی ژیان و گۆڕینی شێوازی ژیانیان، هەندێک جاریش بۆ بەدەستهێنانی بڕوانامەی خوێندنی بەرزتر و باشتر کۆچ بۆ شارەکان دەکەن تاک و پێگە و دۆخی ژیانیان گۆڕانی بە سەردابێت (الحكيمي، ٢٠١٤، ١٦٥-١٦٧-١٦٨).

ئەمە لە لایەک لە لایەکی ترەوە ئەو بزاوتنە زۆرجار پەیوەستە بە توانای دارایی خانەوادە و تاکەکەس بۆ کۆچ و گواستنەوە. چونکە کۆچی ناوخۆ یان کۆچی دەرەکی دەرفەت بۆ کەسانی بەرزخواز دەڕخسێنێ تا بە پلیکانەکانی پلەبەندی کۆمەڵایەتی ئەو کۆمەڵگەیە سەربکەون کە کۆچیان بۆ کردوە، بەتایبەتیش کە ئیشی باش و بەردەوامیان لەوێ دەست دەکەوێت. هەروەها کۆچ ڕۆڵێکی گرنگ و دو سەرە لە بزاوتی چینایەتی دەگێڕیت، لەلایەکەوە کۆچبەرەکان هاوکاری هاوولاتییانی ڕەسەنی ئەو وڵاتانە دەکەن کە لەڕوی کۆمەڵایەتییەوە ببزوێن، لەلایەکی تریشەوە کە خۆیان دەگەڕێنەوە بۆ وڵاتەکانیان بەو پارەیەی کۆیان کردوەتەوە شوێنگەی ئابوری و کۆمەڵایەتییان بەرزدەبێتەوە بۆ شوێنگەیەکی جیاواز لەوەی بەر لەکۆچ (قەرەداخی، ٢٠١٦: ٨٦-٨٧).

بەشی دوەم:پێوەر و تایبەتمەندییەکانی چینایەتی

باسی یەکەم:- پێوەرکانی چینایەتی و جۆرەکانی

زانایانی ڕۆژئاوا لە وڵاتە پیشەسازیەکاندا پێیانوایە دو جۆری پێوەر هەیە-:

١-پێوەری چەندایەتی ٢- پێوەری چۆنایەتی

لە پێوەری چەندایەتیش دو جۆر شێوازی پێوانە هەیە ئەوانیش:

١-١-شێوازی پێوانەی فرەڕەهەند کە زیاتر لە هۆکارێک دەکەنە پێوەر بۆ دیاریکردنی باری چینایەتی وەکو پێوەرەکانی «شاپێن و لوید وارنەر.«

١-٢شێوازەی پێوانەی تاکڕەهەند لەم بارەدا توێژەر تەنیا هۆکارێک دەکات پێوانە بۆ دیاریکردنی باری چینایەتی وەک هۆکاری ئابوری یان دەسەڵات یان پێگەی کۆمەڵایەتی یان پیشە..... هتد بۆ نمونە گۆستاڤ شمولەر زانایەکی ئەڵمانییە کە چینی کۆمەڵایەتی لەڕێگەی پیشەوە دیاری دەکات و ئەو کار و ئەرکەی هەیەتی دیاریکەری چینایەتی تاکە، بەڵام بە لای زانایەکی تری وەک «بوخەر» بڕی داهات دیاریدەکات و سەر بە چ چینێکی کۆمەڵایەتییە. پێوەری فرەڕەهەند هەردو زانای بەناوبانگ «فرانس شاپین» و«لوید وارنەر» بۆ شیکردنەوەی چینایەتی کۆمەڵگەی شارنشینی کوردی پێویست بە تێکەڵکردنی دو پێوەر دەکات کە لە کۆمەڵگەکانی تردا بەکارهاتون، بەهۆی تەواو جیانەبونەوەی چینەکان لە یەکتری و تایبەتمەندییەکانی چینە کۆمەڵایەتییەکان لە کۆمەڵگای کوردیدا. (شوانی، ٢٠١١: ٢٠٦-٢٠٧).

**١-١-١: پێوەرکەی لوید وارنەر:**

مرۆڤناسی بەناوبانگی ئەمریکایی بە یەکێک لە دیارترین توێژەرانی بواری چینایەتی دادەنرێت، لە شەستەکانی سەدەی بیستەمدا چەندین توێژینەوە لە ئەمریکا ئەنجامدران لەبارەی دیاریکردنی چینە کۆمەڵایەتییەکانەوە ڕیزبەندی کۆمەڵایەتییەوە، دیارترین توێژینەوە لەناویاندا توێژینەوەکەی وارنەربوە، وارنەر لە پێوانەکردنەکەیدا، واتە پێگەی کۆمەڵایەتیدا پشتی بە هۆکارە کۆمەڵایەتی و ئابورییەکان بەستوەتەوە، کە ڕەفتاری کۆمەڵایەتی و هەستی دەرونی چین یان پلەبەندی کۆمەڵایەتی، و دۆخی کۆمەڵایەتی دیاریدەکەن. ئەو پشتی بە شەش پێوەر بەستوە کە بریتین لەمانە: پیشە، قەبارەی داهات، سەرچاوەکەی، ئاستی زانستی، جۆری خانوەکە، شوێنی خانوی نیشتەجێبونی. دواتر پێواندنەکەی ڕاستکردۆتەوە، قەبارەی داهات و ئاستی زانستی لابردوە بۆ چوار پێوەری دیکە سەنگ و ژمارەی دیاریکراوی داونەتێ، وای دانا کە لەلایەنی گرنگییەوە جیاواز بن. پیشە 4، سەرچاوەی داهات 3، جۆری خانوەکەی 3، شوێنی خانوی نیشتەجێبونەکەی

2، بۆ هەر یەکێکییان لە حەوت سیفەتە هەڕەمەکی حەوت پلەی داناوە ئەوەی کە لێی دەکۆڵێتەوە ئاماژەیەک بەرامبەر ئەو پلەیە دادەنێت کە دەزانێت گونجاوبوبن. دواتر ئەم ژمارەیە جارانی سەنگە دیاریکراوەکە دەکات، نمرەکانی کۆدەکاتەوە بۆ ئەوەی لەژێر ڕۆشنایی ئەمەوە چینی کۆمەڵایەتی دیاری بکات، مەودای ئەنجامی ئاستی ئەم بەڵگەیەش لە نیوان 12– 84 هاتوچۆ دەکات و، تاوەکو نمرەیەک وەدەستدێنێ بەرزتر ببێت، پێگەی کۆمەڵایەتی تاک دێتە خوارەوە. سەرچاوەی داهاتیش لەوانەیە بۆ نمونە میرات یان قازانج یان دەستکەوتی پارە، یان موچەی مانگانە یان ماندوبونەکانی کاتی کارکردنی زیادە یان کرێی کارکردن و هاوکارییەکان بن (الحسن، ١٩٨٣: ٣١).

وارنەر لە سەرەتادا سیستەمی چینایەتی لە ئەمریکادا بۆ شەش چین دابەشکرد بەم شێوازی خوارەوە:

١-چینی بەرزی باڵا

٢-چینی باڵای نزم

٣-چینی مام ناوەندی باڵا

٤-چینی مام ناوەندی نزم

٥-چینی نزمی باڵا

٦-چینی خوارەوەی خوارەوە

*چینی باڵا: پێکدێت لەو خێزانانەی کە بۆ ماوەی سێ نەوە بەلایەنی کەم دەستتیان گرتوە بە پایەی سەرکردایەتی لە شارێک یاخود کۆمەڵگە، بەڵام چینی بەرزی نزم بریتین لەو خێزانە نوێیانەی دەردەکەون لەیەکچونیان هەیە لە شێوازی ژیان لەگەڵ ئەو خێزانانەی لە چینی باڵای باڵا، بەشێوەیەکی نوێ دەرکەوتون.

*چینی ناوەندی باڵا: پێکدێت لە سەرمایەدار و خاوەن پیشە تایبەتییەکان و سەربەخۆ، بەڵام چینی مامناوەندی نزم پێکدێت لە بازرگانە بچوکەکان.

*چینی نزمی باڵا: پێکدێت لە کرێکارانی کارگەکان، بەڵام چینی خوارەوەی خوارەوە بریتین لەو کەسانەی کە بەشێوەیەکی نارێک کاردەکەن، یاخود بژێوی ژیانیان بەنارێکی پەیدادەکەن واتە کاری جیاوازی ڕۆژانە دەکەن و هەر ڕۆژە کارێک دەکەن و هەندێک جاریش بێکاردەبن .(Warner,1963: 2)

پێوەری فرانس ستیوارت شاپین ١٨٨٨-١٩٧٤

هەرچی فرانس ستیوارت شاپین پێوەری خۆی لەسەر بنەمای گوزەرانی ژیان بنیاتناوە، پشتی بە شرۆڤەی هۆکاریی بەستوە و، هەرکی لە بەندەکانی پێوانەکردنەکەی بەهایەکی دیاریکراوتێ. ئاستی داهات و بەشداری لە چالاکیی کۆمەڵایەتییەکان و ئاستی زانستی؛ خاوەنداریەتی کەرەستە ماددەیەکان، ئەمانە هۆکاری گەورە و گرنگن لە دیاریکردنی دۆخی چینایەتی. بەم شێوەیە شاپین پێگەی کۆمەڵایەتی یان ئەو پێگەی کە تاک وەدەستیهێناوە یان ئەو پێگەیەی کە گروپ وەدەستیهێناوە، دیاری دەکات (الحسن والاخرون، ١٩٨٣: ٣١).

هەروەها لە پێناسەیەکیشدا پشتی بە هۆکارەکان بەستوە و بۆ هەر هۆکارێک کێشێکی دیاریکراوی داناوە، وەکو:

1–داهات: بەپێی بەرز و نزمی کراوەتە بە سێ بەشەوە (خوارەوە، ناوەند، باڵا) جگە لە دیاریکردنی سەرچاوەی داهاتەکە.

٢–ئاستی زانستی: نەخوێندەوار و تا سەرەتایی، ناوەندی تا پەیمانگا، بەکالۆریۆس تا دکتۆرا.

٣–خاوەنداریەتی کەرەستە ماددەیەکان (هەر لە کەرەستە دوبارەیە، لە کەرەستەی ناوماڵەوە تا کەرەستەکانی بەرهەمهێنان و کۆمپانیاکان) دەگرێتەوە.

٤–چالاکی کۆمەڵایەتی ئەمانە دەگرێتەوە: أ–ئەندامیەتی لە هەر کۆمەڵە و سەندیکایەک یەکسانە بە (ب) ب_بۆ گرتنە ئەستۆی هەر کارێک یەکسانە بە (ج) ج_ لەگەڵ ئەندامیەتیش پارە بدات یەکسانە بە (د)_ئەندامی لیژنەیەکیش بێت یەکسانە بە (هـ) 4 هـ_ ئەگەر باوکی یان دایکیشی ئەندام بێت. بەم شێوەیە ڕیزبەندییەکی تەواوی ئەو چوار هۆکارەی کردبو تا پلەی زیاتر بەدەستبهێنایە ئاستی چینایەتی بەرزتر دەبوەوە (شوانی، ٢٠١١: ١٣٨)

٢ –پێوەری چۆنایەتی بۆیە پێوەری چینایەتی پشت بە هەڵسەنگاندن دەبەستێت، دەتوانین جیاوازی نێوان هەڵسەنگاندنی ئامادەکراو (قائم) لەسەر هەستی چینایەتی و تەقویمی ئامادە (قائم) لەسەر هۆشیاری چینایەتی بپێورێت. ئەوەی یەکەمیان گوزارشت لە بەرژەوەندی تاکەکەسی دەکات، ئەوەی دیکەشیان گوزارشت لە بەرژەوەندی چین دەکات.

ئاراستەی دەرونی سەیری هەست و هۆش دەکات وەک ئەوەی هۆکارە بۆ دیاریکردنی پەیوەندی چینایەتی و ئاراستە چینایەتییەکان، بەڵام ئاراستەی مارکسی هۆشیاری چینایەتی لەڕوی ماتریالیانەوە ڕاڤە دەکات، وەک ئەوەی کە هەوادارانی تیۆری ململانێ دەیڵێن دەبێتە هۆی یەکگرتنی چینایەتی و بەرژەوەندییە

هاوبەشەکانی لەلایەک و دژە بەرژەوەندییەکانی لەگەڵ چینەکانی دیکە لەلایەکی دیکەوە، ئاراستەی چینایەتی و هۆشیاری چینایەتی ڕەنگدانەوەی بارودۆخی ئابورین.

پێوەری چۆنایەتی پشت بە زانین و هۆشیاری ئەندامانی کۆمەڵگای خۆجێی دەبەستێت بۆ ئەوەی ئاماژەکان بتوانن ڕادەی هەست و هۆشیاری چینایەتی ڕونبکەنەوە، بەڵام گرگنترین ئاراستەکان ئەمانەن:

أ-دەتوانرێت کۆمەڵگا لەسەر بنەمای سروشتی کۆمەڵەکان دابەشی سەر یەکەی بچوک بکرێت، وەک دابەشکردنی بەپێی تەمەنی زانین، ماوەی کاریگەرییە جیاوازە چینایەتییەکانی، چونکە جیاوازی پێگە و ئەرکەکان لە نێوان چینەکاندا کاریگەری دەکاتە سەر ڕەفتار و ئاراستەی ئەندامانی ئەو ئەو چینە.

ب-دەتوانرێت چین وەک کۆمەڵەیەکی چاوگی (مرجعة) سەیر بکرێت، کە دیاردەیەکی دەرونییە تێیدا هەست بە ئینتیما و یەکێتیبونی تێدایە. هەروەها پێگە و ڕۆڵی کۆمەلایەتییانەی تاک بە ڕوکارە ئابورییەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی گرێ دراوە و، پشت بەو بەهایان دەبەستێت کە بە هاوشانی خۆی دەزانێت هەستی ئینتیمای بۆ چینێکی تایبەتی کۆمەڵایەتی هەبێت.

ج-هەندێک لە توێژینەوە ئایدیۆلۆژی و، هۆشیاری چینایەتی و، ئینتیما چینایەتییەکان وەک شێوازێک بۆ پلەبەندی کۆمەڵایەتی پشتیان پێبەستون. گیگر (Geiger)لەلایەنی ئاراستەی سیاسییەوە وەک هۆیەک بۆ ڕوداوەکانی بزاوتی چینایەتی ئەمە چارەسەر دەکات. بەتایبەتیش ئەوەی کە لە نێوان ئەو چینانەی کە پیشەیین ڕودەدات، جەخت دەکاتە سەر پێگە، ناوبانگ، هۆشیاری، کە ئەمانەش ئاماژەن بۆ سیستەمی پلەبەندی چینایەتی.

د-بێرنارد سێ ئاماژە بۆ دۆخی چیین بەندی دادەنێت، ئەوانیش هەڵسەنگاندن (تقويم)ی دەربڕین یان شێوازی قسەکردن و دەربڕین، تایپی هاوپەیوەندی واقیعی، سیمبولی چالاکی و لایەنگری کۆمەڵایەتی.

هەروەها توێژەرانی ئەرکگەرا بڕوایان وایە ئەم سێ خاڵە ئاماژەن، هاوکاری توێژەر دەکەن بۆ ناسینەوەی چین یان پلەبەندی کۆمەڵایەتی کە تاک لە کۆمەڵگادا ئینتیمای بۆی هەیە، ئەمە لە کاتێکدا کە زۆربەی هەوادارانی تیۆری ململانێ ئەم پێوەرانە وەک هۆ نابینن بۆ جیاوازی چینایەتی پێیان وایە ئەمە ئەنجامە، واتە هۆ نییە ئەنجامە، یان ئەمەی ڕەنگی داوەتەوە ئەنجامی پێگە چینایەتییەکانە کە تاک تێیدایە، سەرەڕای جیاوازی بیروبۆچونەکان کەچی ڕەنگە هاوکاری توێژەر بکات لە دەستنیشانکردنی ئەو چینەی کە تاک ئینتیمای بۆی هەیە (الحسن،١٩٨٣: ٣٧-٣٩).

**باسی دوەم: -پایەکانی دابەشبونی چینە کۆمەڵایەتییەکان**

یەکەم:سامان: گرنگی ڕێژەی ستانداردی چینایەتی جارجار پشت دەبەستن بە گۆڕانکارییە زاڵەکانی کولتور و بەها لە سەردەمی جیاوازدا دەگۆڕێت، ئەوە گومانی تێدا نییە لەسەردەمی ئەمڕۆ کە بەسەردەمی ماتریاڵیزمی دادەنرێت، لە سامان و داهات بون بە پێوەری گرنگ و سەرەکی لە دروستکردنی بزاوتی چینایەتی و چینە کۆمەڵایەتییەکان (جامع، ٢٠١٠: ٩).

بۆیە کاتێک باسی چینە کۆمەڵایەتییەکان دەکرێت ڕاستەوخۆ ئەو پێوەری بیری لێدەکەینەوە سەرمایییە، لە واقیعدا هەمو گفتوگۆ ئاساییەکان دەربارەی چینی دەوڵەمەند و چینی ناوەند و چینی هەژارە، بەڵام (گیزو) باسی جیاوازی سێ باری کۆمەڵایەتی دەکات، یەکەمیان ئەوانن کەوا بەهۆی موڵک و سەرمایە گوازراوەکانیان دەژین بەبێ ئەوەی هەوڵی زیادبونی سەرمایەکانیان بدەن لە ڕێگەی کارکردنەوە، جۆری دوەمیان ئەوانەن کە هەوڵی زیادکردنی موڵک و سەرمایەکانیان دەدەن لە ڕێگەی کارکردنەوە، جۆری سێیەمیشیان ئەوانەن لە ڕێگەی کارکردنەوە دەژین بەبێ ئەوەی سەرمایە یاخود موڵکیان هەبێت، ئەم سێ جۆرەش ڕاستییەکی واقیعن دەتوانین لە تەواوی کۆمەڵگەکان بەدیبکرێن. لەلایەکی دیکەوە«شارل» لە دوتوێی پەرتوکی«چەند وانەیەک لە ئابوری و سیاسی» ئاماژە بە دابەشبونی سەرمایە دەکات بەسەر سێ چینی کۆمەڵگە، یەکەمیان کرێکاران ئەوانەی لەبەرانبەر ئەنجامدانی کارێک کرێیەک وەردەگرن، دوەمیان ئەوانەی لەڕێگەی بەگەڕخستنی سەرمایەکانیان قازانج دەکەن سێیەمیان ئەو خاوەن موڵکانەیت بەهۆی موڵکەکانیانەوە سەرمایە دەست دەخەن «شارل» پێیوایە جگە لەو سێ چینە هەمو ئەوانی تر لە خوارەوە دەژین (جوسان، ٢٠١١: ١٧-١٨).

دوەم:پیشە: لەگەڵ بەرەوپێشچونی بەردەوامی بەرهەمهێنان و دابەشکردن و گۆڕانکاریی سەرمایەداری هاوکات پیشەکانیش گۆڕانیان بەسەرداهاتوە لەڕوی تەکنیکی و پسپۆڕی و شارەزایی و لێهاتویەوە، ئەمەش دەبێتە هۆی دابەشبونی کار و جیاوازی پیشەیی، لە ئێستادا پیشە بەپێوەرێکی بەهێز دادەنرێت بۆ بەرزکردنەوەی داهات و گۆڕینی شێوازی ژیان و هەنگاونان بەرەو خۆشگوزەرانی بەتایبەت لە سەرەتای سەدەی بیست و یەک ئەوە ڕونبویتەوە کەوا دابەشکردنی کار بەپێی لێهاتویی و توانا و کارامەییەوەیە (کرمبتون، ٢٠١٦: ١٢٦).

ئاشکراشە سەرمایە بە پێوەرێکی گرنگ و سەرەکی دادەنرێت بۆ دیاریکردنی چینی کۆمەڵایەتی و بزاوتی چینایەتی، دوای ئەوە پیشە گرنگییەکەی کەمترە لە سەرمایە، ئەمەش دەوەستێتە سەر تێڕوانین و سەرنجی خەڵکی دەربارەی پیشەکان، ئەوانەی هەمیشە باس لە چینی کرێکار و جوتیار و بازرگان دەکەن پێیانوایە

ئەم چینانە ئازاد و سەربەخۆن، لە زۆر باردا چینێکی دیکە دێتە کایەوە فەرمانبەران و موچەخۆرانن یاخود ئەو چینانەی کە خۆیان گەورەی خۆیانن و پەیوەندییان بەکەسێکی دیکەوە نییە، بەشێوەیەکی گشتی پیشە بە تەنیا چینێک نییە، بەجۆرێک چینایەتی پیشە پێش دەکەوێت چونکە مرۆڤ لە چینێکی دیاریکراو لە دایکدەبێت پاشان پیشەکەی دیاری دەکات سەرەڕای ئەو چینایەتی کاریگەری دەبێت لەدەستنیشانکردنی پیشە و زۆرێک لە تاکەکان بە شێوەیەکی بۆماوەیی پیشەکانیان لە باوانەوە بۆ دەمنێتەوە، ئەوە جگە لەوەی چینێکی دیاریکراو چەندین پیشە لەخۆدەگرێت بۆ نمونە پزیشکان و پارێزەران و مامۆستایان ڕەنگە لە یەک چیندا بن، بەڵام پیشەکانیان جیاواز ببێت (جوسان، ٢٠١١: ١٩).

هەروەها «بارکن» دوپاتی دەکاتەوە کە بڕبڕەی پشتی چینایەتی پلەبەندی پیشەییە کە زۆرینەی کۆمەڵگەکانی ڕۆژئاوا پشتی پێ دەبەستن بۆ دیاریکردنی سیستەمی پاداشت، هەرچەندە وەک ئاماژەیەکی کۆمەڵایەتی دانیپێنراوە (کرومبتون، ٢٠١٦: ١٢٦).

سێیەم: شێوازی ژیان: لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت نە سەرمایە و نە پیشە بەس نین بۆ بزاوتی چینایەتی و چینە کۆمەڵایەتییەکان، بۆیە پێویست دەکات لە واقیعیشدا بە جیاوازی سەرمایەکانەوە ئەوە لەبەرچاوبگرین کە چۆن چێژیان لێوەربگرین، هەر پیشەیەک لە پیشەکان سروشت و تایبەتمەندی خۆی هەیە بۆ نمونە فرۆشگایەکی گەورە پێویستی بە کاتێکی زۆرە بۆی تەرخانبکات بۆ خزمەتی کڕیارەکانی و کاتی بۆ چێژ وەرگرتن لە ژیاندا نامێنێتەوە، کەسێکی بورژوازی کە لە هەمان چینە و خاوەن فرۆشگایە دەبینین گشت کاتەکانی لە ڕابواردن خەرج دەکات تا لە کۆتاییدا دەکەوێتە ژێر باری قەرزێکی زۆرەوە و سەرمایەکەی دەبێتە سەرچاوەی نەهامەتی بۆی (جوسان، ٢٠١١: ٢١-٢٢ ) .

**باسی سێیەم-تایبەتمەندییەکانی چینە کۆمەڵایەتییەکان**

لەبەرئەوەی نەک هەر لە زمانی کوردیدا بەڵکو لە هەندێک لە زمانەکانی تریشدا (چین و توێژ و ڕیزبەندی و پۆلێنکردن) و ئەم چەمکانە تێکەڵ یەکیان لە نێواندا دروست بوە، ئەم تێکەڵبونەش مەبەستدار یاخود تێکەڵکرابێت یان سروشتی چینە کۆمەڵاتییەکان و پێکهاتەکانیان ئەمەیان دروست کردبێت یان بە هۆی زۆری پێناسە و قسە لەسەر کردنیانەوە بێت، لە ڕێگای پێناسەکانی چینەوە کە پێشتر خرانەڕو هەندێک لە تایبتمەندیەکانی چین شیدەکەینەوە بۆ تێگەیشتن لە ڕیزبەندی و توێژی کۆمەڵایەتی

١-چینە کۆمەڵایەتییەکان دیاردەیەکی مێژوین، واتە ڕەوتێکی مێژوییان هەیە، ئەمەش بەڕون و ئاشکرایی لە پەیوەندییەکانی مرۆڤ دەبینرێن، هەروەها شێوازی کارکردنی مرۆڤەکان بریتینییە لە ململانێ بەڵکو ململانێی

بەرژەوەندییەکان، دەسەڵات و خاوەنداریەتی و پەروەردە و کارامەیی، ئەم پێوەرانە بنەمای دروستبونی چینەکانن (توفی و عبداللهی، ١٣٩٣: ٥).

٢-ئەوەی بە چین ناوزەددەکرێت وەکو گروپێکی مرۆیی جیاوازە لە پێکهاتن و ڕەوشی دروستبونی کۆمەڵە و گروپە کۆمەڵایەتییەکانی تر، چینە کۆمەڵایەتییەکان دەستە گەلێکن کە لە هەلومەرجی ئابوری و سیاسی و کۆمەڵایەتی دیاریکراودا دەردەکەون. واتە تایبەتترن، دەشێت لە کۆمەڵگەیەکدا ڕیزبەندی هەبێت بەڵام چین بە مانای چینایەتییەکە نەبێت، واتە قۆناغی دروستبونی چین قۆناغێکی پێگەیشتوتر و پێشکەوترە لە زۆر ڕوی ئابوری و کۆمەڵایەتی و شارستانی و کولتورییەوە (شوانی، سەرچاوەی پیشوە: ٥٤).

٣-پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بەشێکن لە پلانی چیین بەندی و یەکگرتوی چینەکان، لە زۆربەی کاتەکاندا پەیوەندی نێوان چینەکان وەک تایبەتمەندییەکی گشتی چینە کۆمەڵایەتییەکان و سەیردەکرێن، هەروەها لە لایەکی ترەوە پەیوەندی نێو چینەکان لەڕوی بنەما و سیستماتێک لێکنادرێتەوە هاوشێوەی یەکترنین بۆ نمونە لەناو چینی دەوڵەمەند چینی کۆن و نوێ هەیە سەبارەت بەچینی ناوەند هەمان شێوە Parkin) . ,1974: 1).

٤ -چوارچێوە و فۆرم و ناسنامەی چینە کۆمەڵایەتییەکان لەلایەن تاکەکان جێگیرە، لە فۆرمێکی ڕادیکاڵی یان یەکسانیخوازی ڕەگی داکوتاوە، واتە لە بنەڕەتدا شیکاری بۆ چینە کۆمەڵایەتییەکان ڕەگێکی پتەوە لە کۆمەڵێک پابەندبون، تا ئاستێک لە گۆڕانکارییە قوڵەکانی سەر کۆمەڵگەشدا چینەکان شوێن و پێگەی خۆیان دەپارێزن بە کەمی جێگۆڕکی دەکەن و زۆر بە خێرایی خۆیان لەگەڵ دۆخە نوێیەکە دەگونجێنن. (ڕایت، ٢٠١١: ٢٢).

٥-لێکچونەکانی ژیانی ئەندامانی چینێک دەبێتە هۆی ئەوەی ببنە خاوەنی کولتورێکی هاوبەش و تایبەت، و لەم ڕووەوە دەتوانین بڵێین کە هەر چینێک لە باوەشی کولتوری گشتی کۆمەڵگەدا، بۆ خۆی وردە کولتورێک کە بە کولتوری چینایەتی ناودەبرێت دەهێنێتە ئاراوە، بۆ نمونە منداڵانی چینی خوارەوە زیاتر توشی سزای جەستەیی دەبنەوە، چونکە لەم خێزانانەدا کەمتر جەخت دەکرێت لەسەر فێرکردنی تاکەکەسی و بزاوتی ستونی کۆمەڵایەتی بە بەراورد لەگەڵ چینی ناوەندا، هەروەها منداڵانی چینی خوارو لەو خێزانانەدا دەژین کە بەگشتی ڕازیبونی کۆمەڵایەتی لەنێو ئەندامەکان و ئاراستەی هزری پێشکەوتنخوازیان کەمترە، بەپێی هەندێک توێژینەوە لەم سەردەمەدا منداڵانی چینی خوارو زیاتر حەزیان لە خوێندنی باڵایە کەچی ئەم کەسانە بۆ گەیشتن بەم ئامانجەیان یان بەم ئاستەی خوێندن و فێربون توشی گەلێک کۆسپ دەبنەوە، هەروەها لە بارەی ئەوەی پەیوەندی بە وردە کولتوری چینایەتییەوە هەیە، هەندێک لە کۆمەڵناسان پێیانوایە کە

هەرچەندێک چینی کۆمەڵایەتی کەسێک بەرزتر ببێت ئەگەری کوژرانی لە شەڕەکاندا کەمترە، کەمتر لەلایەن پۆلیسەوە دەگیرێت و دادگایی دەکرێت و کەمتریش بە تۆمەتی تاوانەوە دەخرێتە ژێر چاودێری، ئەمە وەکو ئەوە وایە متمانەیەکی وەرگرتبێت و بڵێت ئەم جۆرە تاوان و خراپکاریانە لەمان ناوشێتەوە (شوانی، ٢٠١١: ٥٥).

واقیعەت چین بە شێوەیەکی تەواو بێ کەموکوڕییە بەو پێیە کۆمەڵەیەکن، گشتی هەستپێکراون، دینامیکیەتی تایبەت بەخۆیان هەیە (جورفتش، جورج، ١٩٧٢: ١٤٣).

٦ –پانتایی فراوانی چین هێزی یەکگرتویی و یەکێتییانی لاوازکردوە، واتە چین کە لە توێژ و گروپ و دەستە و تاقم و تایفە و کۆمەڵە کۆمەلاتییەکان فراوانترە، چ لەڕوی چەندایەتییەوە لەمانە گەورەترە چ لەڕوی چۆنایەتیشەوە کۆبونەوەی چین و یەکگرتوییان، بۆ نمونە لەتایەفەکی دیاریکراو لاوازترە، بەڵام ئەمەش پەیوەستە بە ئاستی هۆشیاری چینایەتی و ڕۆڵی کاری ڕێکخراوەیی و جۆش و خرۆشی چینایەتییەوە. لە باری ڕێکخراوییەوە چینی کۆمەڵایەتی بە دیسپلین و ڕێکخراو نین بە پێچەوانەی گروپە کۆمەڵایەتییەکان بە هۆی کەمی ژمارەیان، یان جیاوازی ئامانجەکانیان زیاتر ڕێکخراوترن (شوانی، ٢٠١١: ٥٤–٥٥).

٧ –چین تایفە و سەندیکا و پیشە و حرفەنییە لە عەرەبی «مهینە و حرفە» هەیە لە کوردیدا پیشە هەیە بەس نە پلە یەکە، پلەکەشی لەسەر بنەمای سامان یان داهات یان بەهای کرێ یان ئاستی ژیان و جۆری ژیان لەگەڵ ئەوەی زۆرێک لەو تایبتمەندیان لە چین ڕەنگدەدەنەوە دیاریناکرێن (جورفیتش، مصدرالسابق: ٩٧).

بۆ نمونە دەوترێت لە پێناسەکردنی چینی کۆمەڵایەتی تایفە لە وشەی (الطائفة)ی عەرەبیشەوە وەرگیراوە، هەندێک جار بە مانای خزمایەتییەکی ڕاستەقینە واتە چونەوە سەر یەک بەرە باب ئامۆزا و بن ئامۆزای یەکترن، یان بە مانای خزمایەتییەکی درۆزنانە و هەڵبەستراویش بەکاردێت، کۆمەڵێک خەڵک خۆیان دەبەنەوە سەر پیاو چاکێک یان کەسێکی دیاریکراوی خۆیان، خۆیان بەیەک تایفە لە قەڵەم دەدەن، جۆرێک لە ڕێکخستن و پەیوەندی لە نێوانیان دروست دەبێت و هەندێک جاریش تایفە بە مانای برای دینی و تەریقەتی ئایینزایی دێت (شوانی، ٢٠١١: ٥٦).

**لە کۆتاییداتوێژەر بەو ئەنجامانە گەیشتوە- :**

١ -توێژەر گەیشت بەو ئەنجامی کەوا (جۆری پیشە، داهات، خاوەنداریێتی، شێوازی ژیان) گرنگترین پێورن بۆ ناسینەوەی جیاوازی چینایەتی چینەکانی کۆمەڵگا.

٢ -لە هەرێمی کوردستان دوای 2003بزاوتی چینایەتی بەشێوەیەکی زۆر خێرا و ناسروشتی ڕویداوە.

٣ -گۆڕانی دەسەڵاتی سیاسی لە عێراق-هەرێمی کوردستان و ئارامی دۆخی سیاسی لە هەرێمی کوردستان، بونی دەستوری عێراقی کاریگەری ئەرینی لەسەر دۆخی ئابوری هەرێمی کوردستان هەبو.

٤ -بۆمان دەرکەوت کەوا پێکهاتەی چینایەتی هەرێمی کوردستان لە ئێستادا هەمان پێکهاتەی چینایەتی نەوەدەکان نییە، بەڵکو بزاوتنێکی گەورە ڕویدا، لە شێوازی ژیان و تەکنۆلۆژییان و خوێندن و شوێنی نیشتەجێبون.

٥-لە دوای ٢٠١٤ چینی ناوەند بەرەو پوکانەوە چوە، بۆشایی نێوان چینی سەروە چینی خواروە زۆر زیادیکردوە.

٦ -کۆمەڵگای کوردی ڕاگوزەر، لەڕوی چالاکی ئابورییەوە فرەکەرتییە و خاوەنداریەتی تێدا جۆراوجۆرەکان، پێوەر و ڕێبازی ئابوری نییە ببێتە ڕینشاندەر بۆ بەڕێوەبردنی سیستەمی ئابوری، بۆیە کەرتە جۆراوجۆرەکان ئابوری توشی شڵەژان و لەتوپەتیبون دەبن.

پێشنیازەکان

١-حکومەت گرنگیبدات بە گەشەسەندنی چینی ناوەند و فراوانیکردنی، چونکە چینی ناوەند بە مانای سەلامەتی ئابوری کۆمەڵگا دێت، بۆشایی نێوان چینی سەرەوە چینی خوارەوە کەمبکاتەوە.

٢ -هەوڵبدرێت لەلایەن حکومەت و حیزبەکانەوە ئینتمای نەتەوەیی بۆ هاووڵاتیی بگەڕێنرێتەوە، گرنگی بە بەرهەم و کاڵای ناوخۆیی بدرێت، هەوڵی کەمکردنەوەی کەلوپەلی هاوردە بدرێت، دوربکەونەوە لە کاڵای بیانی، بە چاوێکی کەم سەیری بەرهەم ناوخۆییەکان نەکرێت، ئاسایش خۆراک لە مەترسیدایە.

٣-حیزبەکان و حکومەت کۆمەڵگایەکی مەدەنی و دیموکراسی دابمەزرینن و دروستبکەن، جیاوازی چینایەتی لەسەر بنەمای حیزبایەتی دروستنەکرێت، ململانێ حیزبایەتی نەبێتە هۆی دروستکردنی بۆشایی زۆری نێوان چینی سەرەوە خوارەوە.

**ڕاسپاردەکان**

١-توێژینەوە لە خودی چینەکان بکرێت بە جیا، چینی کۆمپرادۆر لە کوردستان، چینی باڵا، چینی ناوەند، چینی خوارەوە، چونکە هەریەکەیان خاوەنی تایبەتمەندی و کولتوری خۆیانن.

٢-توێژەر یان سەنتەری توێژینەوە ڕادەسپێرین کەوا توێژینەوە دەرباری پەیوەندی لایەنی ماددەی بەلایەنی ئارامی دەرونی و ڕەزامەندی لەژیان بکات.

# The Class Mobility in the Transitional Society

# (the Kurdistan region is an example)

Khadijah Rahman Saadi[1] - Mohammed Hussein Mohammed Shwany[2]

[1+2]Sociology department, college of Arts, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.

**Abstract:**

This study entitled (class mobility in Transitional Societies - Kurdish Society as a Sample) aims to explain how did class mobility is happen in Kurdish society as a sample of transitional society, especially after the changes that took place in Iraq after 2003, aims to analyze the measures and characteristics that characterize social classes in general and Comparing the classes and then the historical stage in which the social differences appeared, by using certain information gathering methods such as observation and data available in some official institutions after 2003, where these data indicate the division of society into some classes based on social theories. We can call these classes According to its characteristics, the upper layer, the middle layer, and the lower layer.

**Keywords** (Class Mobility, Social Classes, Transitional Society)

**سەرچاوەكان:**

دورکهایم، ئەمیل(٢٠٢٠) دابەشکردنی کار لە کۆمەڵگەدا، دەزگای رۆشنبیری جەمال عیرفان: چاپخانەی تاران.

شوانی، محمد(٢٠١٢) چینە کۆمەڵایەتییەکان، هەولێر: چاپخانەی ڕۆژهەلأت.

قەرەداخی، ئازا حەسیب(٢٠١٦) بزاوتی کۆمەڵایەتی و کێشە و ئاماژەکانی لە کۆمەڵگەی کوردستاندا، هەولێر: چاپخانەی رۆژهەلأت.

کۆهین، برۆس(٢٠١٤) بنەماکانی کۆمەڵناسی، و: چەکۆ ئەحمەدی، هەولێر: چاپخانەی رۆژهەلأت

مارکس، کارڵ و ئەنگلس فرەدریک(٢٠١٦)مانفێستی کۆمۆنیست (بیان شوعی)، و: پێشڕەو محەمەد، دەزگای رۆشنبیری جەمال عیرفان، چاپخانەی تاران.

موحسینی، مەنوچێهری(٢٠٠٦) دەروازەکانی کۆمەڵناسی، و: رێبوار سویلی و مراد حکیم و ئەوانی تر، چاپی دوەم، هەولێر: چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە.

ئامێدیان، فەخرەدین(٢٠١٣) فەرهەنگی شیکاری زاراوەکانی کۆمەڵناسی، سنە: ناوەندی چاپی شەمسی.

الأمم المتحددة(٢٠١٤)الطبقه الوسطى في البلدان العربية(قياسها ودورها في التغير)، بيروت.

جامع، محمد نبيل(٢٠١٠)الطبقات الأجتماعيه الريفية والحراك الطبقي، جامعه الأسكندريه.

جورفتيش، جورج(١٩٧٢) دراسات فى الطبقات الإجتماعيه، ت: أحمد رضا محمد رضا، الهيئة المصرية للكتاب

جوسان، اندرى(٢٠١١) الطبقات المجتمع، ت: السيد محمد بدوي، الطبعة الثانية، الهيئه العامة لقصور الثقافه.

الحسن، أحسان محمد و فوزية العطية والأخرون(١٩٨٣) الطبقات، عيراق: مطبعة جامعة الموصل.

الحكيمى، عبدالله معمر(٢٠١٧) فى علم الأجتماع والأنثربوجيا، اليمن: مركز منار للدراسات الأجتماعيه

رايت ئولين، أريك(٢٠١١) مدخل إلى التحليل الطبقي، ت: خالد عبدالفتاح عبدالله، مصر: مكتبه الأنجلو مصريه

سالم، بوداود(٢٠١٦) الطبقي للمجتمع الجزائر.مجلة الدراسات والبحوث الأجتماعية، جامعة الشهيد حمه الخضر، العدد 18.

سيد أحمد، غريب محمد(٢٠٠٣) علم الأجتماع و دراسة المجتمع، الإسكندرية: دار المعرفه الجامعيه.

سيد أحمد، غريب و أخرون(١٩٩٦) المدخل إلى علم الأجتماع، الإسكندرية، القاهرة، دار المعرفة الجامعية

الشوانی، محمد حسین محمد(٢٠١٩) مؤشرات الحراك الأجتماعي للمجتمع الكردي، جامعه صلاحددين، كليه الأداب

عامل، مهدی(١٩٩٠) مقدمات نظريه لدراسة أثر الفكرالأشتراكی في حركة التحرر الوطني، الطبعة السادسه، بيروت: الناشردار الفارابی.

غدنز، انتونی(٢٠٠٥)علم الأجتماع، ت: فايز صياغ،الطبعة الرابعه، عمان: المنظمة العربيه للترجمه.

كرمبتون، روزماری(٢٠١٦)الطبقات والتراصف الطبقي، ت: محمود عثمان حداد و غسان رملاوي، المركز العربي للأبحاث و دراسة السياسات.

مارشال، جوردون(٢٠٠٠) موسوعه علم الأجتماع،ت: أحمد زايد والأخرون، المجلد الثاني، الطبعة الأولى، المجلس الأعلى للثقافة، المشروع القومي للترجمة.

مسعود، أحمد طاهر(٢٠١١) مدخل إلى علم الأجتماع العالم، الطبعه الأولى، الأردن: للنشر والتوزيع دارجليس الزمان.

أنصاری، ابراهيم و ربانی، رسول(١٣٨٥) جامعه شناسی و قشرها و نابرابريها اجتماع، اصفهان: تابستان.

تأمين، ملوين(١٣٨٥) جامعه شناسی و قشربندی ونابرابری های اجتماعی، ت: عبدالحسين نيک گهر،چاپ چهارم، چاپ نوبهار،تهران: نشر توتيا.

عبدالهی، حسين و وثوفی منصور(١٣٩٣) ساختار طبقاتی جامعه‌ی ايران و روند تحولات أن فاصله سال های ١٣٣٥–١٣٩٠، دانشگاه أزاد اسلامی، شماره ١٣.

هاليواكس، موريس(١٣٦٩) طرح روانشناسی طبقات أجتماعی، چاپ چهارم، انتشارات دانشگاه تهران.

Das, Sukany (2013) Social Stratification,new delhi: printed byNehru Enclave,kakaji Ext

- Lioyed, Warnerm,W. (1963) rankee city,New Haven: rale university press.

-Prkin, Frank)1974(the Social Anaiysis of class structre, London: printed by Tavistocr publication Limited,

-Zgaurides, George & Zgaorides, Christie)2000( Sociology, American: Library of congress,unitted States .